# ریالیزمیی سیحریی



کۆتەڵەتابلۆیەکی ڕەنگاورەنگی پیاوێکی ڕۆشنبیر

**بەهزاد حەوێزی**


b_hawezy@yahoo.com



دەستەواژەی ((ریالیزمیی سیحریی - Magical Realism)) لە نێوان ساڵانی 1924و1925 هاتەئاراوە، ڕەخنەگری ئەڵمانی (فرانز ڕۆھ) ئەوبوو دایهێنا، بەڵام بەباڵای جۆرێ لە ڕەسمدای دابڕی، کە تیایە شێوەریالیزمییەکان بەرێگەیەك وابەستەنە بەوشێوەیەی لەگەڵ واقیعی ڕۆژانە هاوکوف نین، ئەو هونەرەیش کە ئەو ناوەی پێبڕا ڕەسمی تەعبیریی بوو((Expressionist Painting)) .

سەبارەت بە سەرهەڵدانی ئەو دەستەواژەیە بیروڕای جیاجیاهەن، هەیە پێی وایە لە ئەدەبدا ساڵی 1935 هەنگاوی یەکەمی ناوە و لە پەنجاکان وشەستەکانی سەدەی بیستەمدا گەیشتۆتە چەرخی زێڕینی خۆی، هەروەها نووسەرانی ئەمریکای لاتینی بوون بۆ یەکەمجار کاریان لەسەر کردووە .

لەرووی پێناسەوناسینی ئەو دەستەواژەیە دەکرێ سەیری چەندین فەرهەنگ وئینسکلۆپیدیا بکرێت، وەلێ ڕەنگە هەرهەمووی بچنەوە سەریەك سەرچاوە لە(( رابەری ئۆکسفۆرد بۆئەدەبی ئینگلیزی ))دا هاتووە (ڕۆمان وکورتەچیرۆکی ریالیزمیی سیحریی بەشێوەیەکی نموونەیی دینامیەتێکی گێڕانەوەی بەهێزیان تیایە، کە واقیع تیایەی دەلکێت، کەدەکرێ وەك شتێکی ڕەچاونەکراو وتەفسیرنەکراو دیاری بکرێ، هەروەها خەون ودیرۆکە خەیاڵییەکان ومیتۆلۆجیا تیایە پەیوەست دەبن بە شتەرۆژانەییەکان بە سەمتێکی مۆزایکانە یا فۆرم گۆڕاو) فەرهەنگی کولتووری ئەمریکی دەڵێت (شێوازێکە یا جۆرێکی ئەدەبە لە ئەمریکای لاتینی دەستی پێکردووە، ڕەگەزە خەیاڵی ووەهمیەکان بەواقیع دەبەستێتەوە)  لە ئینسکلۆپیدیای ئەدەبی جیهانی لەسەدەی بیستەمدا هاتووە (لکاندنێکی تاکانەییە لەمەڕ ئەو بیروڕاوخورافاتەی گروپەرۆشنبیریەجیاجیاکان هەروەك ئوستورە، هەروەها رێچکەیەکی مۆنتاجکاریی وتێکڕاییانەی بەشێوەیەکی سەرەکی لایە بۆ وەسپکردنی واقیع و زەوینەکەیشی لە واقیعی ڕۆژانەیەوگوزارشتکارە لە سەرسڕمانی مرۆڤ لەمەڕ سەیروسەمەرەی جیهانی ریالیست و روئیایەك لەمەڕ سیفاتە خەیاڵیەکانی واقیع بۆ خوێنەر دەگوازێتەوە ) جیا لەمانە (فەرهەنگی ئۆکسفۆرد بۆ دەستەواژە ئەدەبییەکان) پێی وایە ریالیزمیی سیحریی ( جۆرێکە لە ڕۆمانی نوێ گێڕانەوە تیایە ڕووداوی خوراڤ وخەیاڵی بەخۆدەگرێت بەجۆرێك مۆرکی بەڵگەیی لە روئیا بابەتییەریالیستیەکە دەپارێزێت دەلالەت لەو مەیلەی ڕۆمانی نوێ دەکات بۆ گەیشتن بە ئەودیو تخوبی ریالیزم ودووبارە داڕژتنەوەی توانستە خوراڤ وهەقایەتەکولتووری وئوستوورییەکان، ئەمە لەکاتێکدا ئەو پەیوەستیەی وابەستەبوونی بەهێزی کۆمەڵایەتی تیا دەپارێزێت ئەو سیفەتە خەیاڵیانەی لەو ڕۆمانانە بە کەسایەتیەکان دەدرێ وەك توانای فڕین یا مەلەوانیکردن لە هەواداوسەرکێشیی



وبزۆزیی، لەو ئامرازانەن کە ریالیزمیی سیحریی بەخۆوەی دەگرێت) کەواتە دەکرێ بڵێین ریالیزمیی سیحریی ئامێتەیەکە لە واقیع وئەندێشە، ئەوئاوێتەیەش لەو هقیقەتە سەرچاوەی گرتووە، کە دەڵێ هەر شتێك لەکاری ئاسایی ئەدەبی روودەدات لەواقیعی رۆژانەدا ئامادەیی هەیە، هەرشتێك لە چوارچیوەی ئەو واقیعە روودەدات ئەوە مرۆ پەسەندی دەکات بەوپێیەی ژیانێکی ئاوهاشێوازە (نمطیة) لەنێو کەسایەتییەکانی چیرۆکەکە، جا گرنگ نییە داخوا چۆن چۆنی سەروسۆراغی بابەتەکان دەکرێ یا تاچەند هەڵبوێردراون .

(لویس لێیل) لە کتێبی (ریالیستیی سیحریی لە ئەمریکای لاتینیدا) ئاماژە دەدات، کە ریالیستیی سیحریی لە ئەمریکای لاتینی  لە کارەکانی پێشووی کافکاو دیستویفسکی وئەدگار ئەلان پۆو میلفیل – ەوە سەرچاوەی گرتووە، دەشێت ئەو رایەش راست نەبێت یا وەڵامی خۆی هەبێت، لەخاڵەگرنگەکانی ئەو رێبازە ئەوەیە شتگەلی ئاسایی ورۆژانە وەردەسورێن بۆشتگەلی تۆقێنەروناریالیستی، ئەو بەزۆری هونەری - موفاجەئاتە – چوون ناواقیعی وەك بەشێك لەواقیعی دەکەوێتەوە، هەروەها زێتر لەهەر شتێك هەڵوەستەیەکە لەمەڕ جیهان، هەڵوێستێك دەکرێ بە شێوازی سادە یا رۆشنبیریی و لێزانانە یا ساویلکانە گوزارشتی لێبکرێت لە بونیاتێکی کلۆمدراو یا کراوە، نووسەر تیایە تەحەدای واقیع دەکات و هەوڵدەدات هەڵیوەشێنتەوە بۆوەی هەرچی تیایەتی لەناڕوونی لەمەڕ شتەکان وژیان بیدۆزێتەوە، جا خاڵەسەرەکییەکە لێرەدا داهێنانی بوونەوەرەکان یا جیهانەخەیاڵیەکە نییە، بەلکە دۆزینەوەی ئەو پەیوەندییەتەماویەی نێوان ئادەمیزادوهەلومەرجەکەیەتین رووداوەکانیش چ تەفسیرێکی لۆجیکیانە یاسایکۆلۆجیانە هەڵناگرن، ریالیزمی سیحراوی نایەوێ واقیعی دەوراندەوری کۆپی بکات، بەلکە هەوڵدەدات بەتەواوەتی لەو غموزەی ئەو دیوشتەکان بگات .

ریالیستیی سیحریی ئەدەبێکی چیرۆکئامێزی ئەوتۆی فرەڕوو دەخاتەڕوو، شێوازی بیرکردنەوەیەکی سەرەکی شاریانە بەرجەستەدەکات وهەندێ لە رەگەزە سەرەکییەکانیشی وەلادەنێت، هەروەها نەریتەخۆرسکەکەلچەریەکانیش بەرجەستە دەکات .

گومانی تیا نییە (( گابریێل گارسیا مارکیز )) ناوێکی دیارە لەورووەوە بە ریالیزمیی سیحریی وئەدەبی خەیاڵیی لکاوە، ئەو جەخت دەکاتەسەرئەوەی ئەو ریالیستیە شێوازێکە لەئەدەبی نێوانگر روئیایەکی هەمەکیانەی واقیع دەخاتەڕووو دەقی سیحریش زێدەواقیعیترە، گەرچی لە رووالەتدا دژ بە دەقی واقیعیە، ئەو واقیعیە ریالیستێکە شێوەکەی بە هۆی روانینێکی سیحراویانە ناگۆڕێت، بگرە لەخۆیدا واقیعێکی سیحراویانەیە، جا بەپێچەوانەی خەیاڵی وسوریالی، ئەو ژانرە ئەدەبیە وایدادەنێت تاکەکەس پێویستی بە کۆنتراکتێکە بۆ گرێدانی بە نەریتی کۆمەڵگەوبڕواکەی، چوون ئەو لەوەوە سەرچاوەی گرتووەولەرووی مێژووییەوەش پێوەی بەستراوەتەوە .

رای واهەن پێیان وایە ئەو ریالیستییە وئەوەی بەلای کەمی مارکیز پێڕۆی دەکات پەرەستاندنی (سوریالیزم -ٍSurrealism)ە، کە گوزارشت لە هۆشیاری جیهانی سێیەم دەکات بەشێوەیەکی راستەقینە رێگەیەکە بۆ وەدەرخستنی واقیعێکی زێدە راستگۆ لە رێگەی هانابردنەبەر خواستنەوە .

مۆدێرنێتەکانیش لەو پرۆژەی ریالیستە سیحرییەکان لەمەڕ دەرخستنی ئەو پێدزەدۆستانەییەی نێوان واقیع وخەیاڵ، پشکدارن، وەلێ هەردووکیان ریالیزمیی سیحریی و (مۆدێرنیزم - Modernism) بە ئامرازی جیاجیا کاردەکەن، چوون ریالیزمیی سیحریی وەرچەرخانێکی لە ماددە زێدەترگەرەکە لەوەی لە ئامراز، هەروەك ئەو پرۆژە سەیروسەمەرانەی شێتیی نادیارن، ژیانی ئاسایی لایان رەنگە وەك شانۆیەك بێت بۆهەرچی هەڵبوێردراو هەیە، سروشتی مەعریفی وتخوبەکەی لەهەرەگەورەترین کایەکانی بایەخدانی ریالیزمیی سیحرین، وامان لێدەکات ئاوا سەیری ئەودیو تخوبەکانی مەعریفی بکەین، کاتێك واقیع وخەیاڵ ئامێتەی یەکدی دەبن و واقیعیەکەش دەبێ بە تۆقێنەروتێگەیشتنێکی شێواو بۆکاتشوێن دەخولقێنێت، ئەدەبی ئەو ریالیستەش رووەو کەمینە رۆشنبیرەکەیە، ئەو ئاماژەدەدات بەوەدیارکەوتنی ئەوەی لەسروشت بەدەرە یا هەرشتێك، کە دژ بە دیتنەتەقلیدیەکەیە بۆ واقیع وواقیعیش پەی پێنەبردووە .

فلوید میریل روونی دەکاتەوە ئەو ژانرە لەململانەی نێوان دووویّنەی جیهان دێتەئاراوە، ئا بەمجۆرە لەوواقیعە هەڵدەنرێت دانەر پەی پێبردبێت و گوزارشتیش لە ئوستوورەکانی هیندەئەمریکییەکان دەکات ورێخۆشدەکات بۆدیتنی ئەو رەهەندانەی واقیع کە ئێمە سروشتیانەپەییان پێدەبەین .

کاری یەکلاکەرەوەی ئەو رێچکەئەدەبیە لەداماڵینی وشەکاندا بەشێوەیەکی خواستنەوەکاریی خۆدەنوێنێت، ئەو لەو وشانەی بۆ شتەکانیان بەکاردێنین وچۆنیەتی رەفتار لەگەڵ شتەکانەوە هەنگاودەنێت بۆ ئەوشتەی وشەکان دەینوێنن و وەك ئەوەی ئاوهایی کەوتوونەتەوە، جا لەو حاڵەتەدا لەمەڕ جیهان ئاوهایە هەروەك لەوساتەوەختەدایە، خەون وحەزوبەدتەئویلی یا هەرشتێك مرۆ هەستی پێبکات لەرووی هاوئاهەنگیەکی بێوێنە لەگەڵ ئەو هەستونەستەی یەك ساتەوەختی تاکوتەرا دەیخاتەوە، هەروەها بەدوای رزگاربووندا دەگەڕێت لەو کۆیلەتیەهاوچەرخەی وشەکان لە زەمەنی شتەکاندا

وئەو وشانەش دەکەونەژێررکێفی ئەو، ئامانجی ئەو رێچکەیە ئەوەیە وشەکان بۆ دۆخێ بگەڕێنەوە کەئاوهایی وەك چۆن وابوون ئەوها بێت، گەریش سوریالیزم شتەکانی هەڵوەسووڕاندووە ئەوە ئەو رێچکەیە خەڵکی وەرسووڕاندووە، فۆرمی ئەدەبی لە رۆمان یا چیرۆك یا سۆناتا رەنگە مایەی پێشبینی کردن بێت، بەڵام درێژکارییەکە هەردەم تاکەکەسیەتیە، ئائەمەشە بەشێکی میکانیزمی ریالیزمی سیحریی .

************************************************************************

سەرچاوە: ئینتەرنێت / سایتی (google) .